# بەناوی یەزدانی دلۆڤان

## پێشەکی:

لەمێژ بوو بە هیوای ئەوە بووم ئەم نامەی دکتۆرایە لە چوارچێوەی تەسکی کتێبخانەکانی زانکۆو کۆلیژ دەربچێ و بەرەو جیهانی بەرینی کتێبخانە گشتی و تایبەتییەکان هەنگاو بنێت. بەڵێ زۆر جاران بەڵێنی بەڵێندەران پەردەی گوێمیان سمیوەو تۆوی ئەم ئاواتەیان لە دەروونمدا چاندووە، بەڵام هیچیان نەبوونە خاوەنی گفتی خۆیان و هەریەک بە بیانووێ دەستی بە روومەوە ناوە.

لە ئەنجامدا بنکەی موکریانی ئەم ئاواتەمی هێنایەدی و بە هەوڵ و تەقەڵای ڕێزدار کاک – ئاسۆ کەریم – دەست بە چاپکردنی ئەم نامە ئەکادیمیە کراو منیش لە رووی ئەمەکدارییەوە پڕ بە دڵ سوپاسیان دەکەم و هیواخوازم بەردەوام بن لە خزمەتی وشەی پیرۆزی کوردی.

ئەم نامەیەی ئێستا بووەتە کتێب هیچ دەستکارییەکی نەکراوەو وەکو خۆی خراوەتە روو، هەوڵدانێکی خاکسارانەیە بۆ ناساندنی جیهانی بەرینی سۆفیاتیی مەحوی و مافی ئەوەش نادەمە خۆم کە پەیم بە هەموو لایەنەکانی بردووەو هەر هیچ نەبێ سەرەتایەکە بۆ ئەم رۆچوونە، چونکە مەحوی خودان رەنگ و دەنگی خۆیەتی و ئالایەکی باڵاو شەکاوەی ئەو رۆژگارەیەو ئاوێنەیەکی بێگەردی ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی زێدگاکەیەتی.

ئەوەی راستی بێ چاپکردنی نامەی خوێندنی باڵا ئەرکی سەرەکیی سەرۆکایەتیی زانکۆو چاپخانەکەیەتی، بەڵام مخابن کەم ئاوڕ لەم لایەنە دراوەتەوەو نامەکان بە گشتی پشتگوێ خراون.

بۆیە لەلایەن خۆمەوە بانگەوازێ ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەموو



زانکۆکانی کوردستان دەکەم کە لەمەو دوا بەپێی پلانێکی داڕێژراوو پتەو نامەکان چاپ بکرێن، هەروەها داواش لەو بەڕێزانە دەکەم کە لە دەرەوەی کوردستان خوێندنیان تەواو کردووە نامەکانیان وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی و (بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کولتووری کوردییەوە هەیە) هەوڵی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان بدەن، چونکە زۆر مخابنە ئەو بەرهەمانە دیدەی رۆشنبیرانیان پێ گەش نەبێتەوە، دەسا لە هەمووان هەرەکەت و لە خواش بەرەکەت.